

# سەد ساڵەی هێمن

تەوەر: فەرهەنگ و ڕزگاری: شوێن و پێگەی مامۆستاهێمن لە ئەدەب و سیاسەتی کوردیدا



## د. هاشم ئەحمەدزادە

دکتۆر هاشم ئەحمەدزادە دوای وەرگرتنی بەکالۆریس لە  زمانی ئینگلیسیدا لە ساڵی ١٩٨٦ لە ئێران، بەردەوام دەبێت لە خوێندن لە وڵاتی سوید و لە ساڵی ١٩٩٥ لە زانکۆی ئوپسالا  بەکالۆریسێکی تر لەڕۆژهەڵاتناسیدا وەردەگرێت.

لە١٩٩٦لەهەمانبوارولەهەمانزانکۆداپلەیماستر وەردەگرێت. لە ساڵی ١٩٩٩ لە زانکۆی ئوپسالا لە بوارەکانی مێژوو و سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و زمان و ئەدەبییاتی فارسی و زمانە ئێرانییەکان دەست بە وانەگوتنەوە دەکات و تا ساڵی ٢٠٠٥ لەم کارەدا بەردەوام دەبێت. هاوتەریب لەگەڵ وانەگوتنەوە خەریکی لێکۆڵینەوە و نووسینی تێزی دکتۆراکەشی دەبێت. ساڵی١٩٩٦-١٩٩٧ساڵی یەکەمی دەورەی دکتۆراکەی لە زانکۆی لەندەن (مەدرەسەی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتناسی و ئافریقاناسی) تێپەڕ دەکات. کتێبی ڕۆمان و نەتەوە: لێکۆڵینەوەیەک لەسەر گوتاری گێڕانەوەیی فارسی و کوردی، لە ساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن زانکۆی ئوپسالاوە چاپ و بڵاو کرایەوە. ئەم کتێبە دواتر وەرگێڕدرا سەر زمانەکانی تورکی و فارسی و چاپ و بڵاو کراوە. چەند بەشی ئەم کتێبە وەرگێڕدراوەتەوە سەر زمانی کوردی.

لەنێوانساڵانی ٢٠٠٥ تا ٢٠١٢ سەرەتاوەکمامۆستاودواتروەکپرۆفیسۆرییاریدەدەرلەلێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە زانکۆی ئێگزێتری بریتانیا کاری کردووە. لە ٢٠١٢ تا ٢٠١٥ وەک لێکۆڵەرەوە لە ئەنستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدان کوردستانکە ناوەندەکەیلە هەولێر، دەستبەکار دەکات، لەمساڵانەدالەزانکۆیفەڕەنسیلوبنانیدامامۆستایزمانوئەدەبیئینگلیسی بووە. لە مانگی سێپتامبری ٢٠١٥ دیسانەوە لە زانکۆی ئوپسالا دەستی بە وانەگوتنەوە و لێکۆڵینەوە کردووەتەوە. لە ٢٠١٦ تا ٢٠١٨ لە مەدرەسەری وەرگێڕانی سوێد وانەبێژ بووە.

لەماوەیدووەیەیرابردووداکتێبووتارگەلێکیزۆریبەزمانەکانیفارسی،کوردی،سویدی و ئینگلیزی بڵاو کردووەتەوە. لە دەیان کۆنفرانسی نێونەتەوەیی بەشدار بووە و لە زۆر بەرنامەی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنیدا بەشداریی کردووە و لەسەر زۆر بواری ئەدەبی، فەرهەنگی و زانستی سیاسی و پرسگەلی جیاواز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا باس وقسەی کردووە.

لەنێو بەرهەمە چاپکراوەکانی دکتۆر ئەحمەدزادەدا دەکرێ ئاماژە بە ئەم کتێبانەی خوارەوە بکەین:

ڕێکخراوی جیهانی کورد

نەتەوە و ڕۆمان بەهەرسێکزمانیئینگلیسی،تورکیوفارسیچاپبووە.
دووجاربەفارسیچاپکراوەتەوەولەپێشەنگەینێونەتەوەییکتێبلەتارانلەدووساڵیڕابردوودالەڕیزیکتێبەپرفرۆشەکاندا بووە.

زمان، ئەدەب و ناسنامە (هەتائێستائەمکتێبەچوارجارلەکوردستانودەرەوەیوڵاتچاپکراوەتەوە.)

ڕۆمان و ناسنامە
جیهانی ڕۆمان (دووجارچاپکراوە)
گێڕانەوەناسی (دوو جار چاپ کراوە)
مێژوو بە ڕاوێژی ئەدەب
هەرچی هەیە ڕاڤەیە

لە وەرگێڕدراوەکانی دکتۆر ئەحمەدزادە دەکرێ ئاماژە بەم بەرهەمانەی خوارەوە بکەین :

هونەری داستان
دەفتەری سوور
هیچ دۆستێک جگە لە چیاکان
کوردەکان و ئەوانی دیکەیان
کورد و کۆمەڵگەی مەدەنی

دەیان وتاری ئەدەبی، ڕەخنەیی و تیۆریک بە زمانەکانی ئینگلیسی، سویدی، فارسی و کوردی بڵاو کردووەتەوە.

ڕێکخراوی جیهانی کورد